# شكاتنامه

**منالآنی ئەنفالیش قسەی خۆیان هەیە**

## لەتیف فاتیح فەرەج

کەرکوك



له جیاتی پێشەکی:

پێش ئەوەی نوسینێکی کۆنتر بۆ ئەم پێشەکیە بکەمەوە بە دەرگای کتێبەکە, دەڵێم: ئەمە پرۆژەیەکی کۆنتر بوو بەشێوەیەك لە شێوەکان لەلایەن کەسانی ترەوەو بەشێك لە ئەندێشەکەی قوت درا بۆ ئەوەی هەمووی بەقووت نەچێ ئەم دەردە دلأنەم کۆکردەوە, لە کۆی(400) فۆرم کە دابەشم کرد لە(کەلارو شۆرش), (290) فۆرمی پڕ کراوەی گەڕایەوە, بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەوانی تر وون بوون.

ئەم پێشەکیەی خوارەوە لە 1996/1/30 رۆژی سێ شەممە لە کوردستانی نوێ بلأوکراوەتەوە لەبەر دوو بایەخ دەیکەمە پێشەکی ئەم شکات نامەیە:

1 ـ چەند پێشنیازێکی تیایە بۆ ناساندنی پرسی ئەنفالو بەسزاگەیاندنی تاوانباران.

2 ـ چەند پێشنیازێکی تیایە بۆ دیاری کردنی رۆژی ئەنفال, کردنەوەی وەزارەتێك یاخود مەکتەبی وەزارەتێ سەبارەت بە ئەنفال, کۆکردنەوەی بەڵگەو دەکومێنتو دیدارو وێنەی قوربانیانو پاشماوەی کارەساتەکە, ئەو رۆژەی ئەم پێشنیازانە کراوە زۆر کەس لەبارەی ئەنفالەوە هیچی نەکردبوو بێ ئەوەی دواتر ئاماژە بەم پێشەکیو پێشنیازانە بدات, هەڵبەت دەردەدڵی دیکە زۆرە.

جارێکی دیکەش ئەنفال

دواستونی(کوردستانی نوێ)ی 1996/1/30 سێ شەممە ژمارە 1203 ساڵی پێنجەم.

کارەساتی لەنێو چوونی نزیکەی(182) هەزار مرۆڤی نەتەوەیەك لەژنو پیرو منداڵ بەدەستی رەشی گەورەترین درندەی مێژوو, دەبوایە سەرەکیترین بەڵگەی دەستی ئەو نەتەوەیە بوایە بۆ بردنە بەردەم(دادگای لێپرسینەوە)ی ئەو دڕندەیە, دەبوایە دونیای لێ پڕ کرایە, کەچی بەداخەوە چونکە ئەو نەتەوەیە کوردەو ئەو دڕندەیەش سەدامی(کۆنەدۆستی) هەموو دونیایە, ئەم کارەساتە گەورەیە تاڕادەیەکی زۆر بەداپۆشراوی ماوەتەوەو زۆربەی دونیای لێ بێئاگایە, ئەمە لە کاتێکدا کوەیتو دونیاش لەگەڵیا لەسەر بەژمارە کەمتر لە(600) کوەیتی(لەگەڵ هاوسۆزی کوردا بۆ ئەو کوەیتیانە) کردویانە بە هەراو دونیایان لێ پڕ کردوە, لە کاتێکدا لەسەر کوشتنی کەسێك(بازۆفت) بەنمونە دونیا پڕ دەکەن بۆ ئەو(182) هەزارە هیچ نەکراوە, لێرەدا چەندێك دونیای دەرەوەو کەناڵەکانی بەتەنگەوە هاتنی مافەکانی مرۆڤ تاوانبارن بەرانبەر ئەم کڕییە, دوو ئەوەندەش سەرانی بزوتنەوەی رزگاری کوردو حیزبەکانی باشور(باشوری کوردستان) گەلی کورد خۆی, ئەگەرنا بۆ خانمێکی ولأتێکی پێشکەوتووی وەك بەریتانیاو ئەندامی پارلەمانو سەرۆکی رێکخراوی(کاروری) دژە تیرۆرو داکۆکی کار لەمافە دیموکراتیەکانی عێراقو

دۆستێکی دێرینی کوردو سەرۆکی وەفدێکی هاتوو بۆ کوردستان, نەزانیێ کورد ئەنفال کراوە, کاتیێ لە گۆشەی لەدەرونەوەی(ڕێگای کوردستان) نوسینێکی کاك(عەلی مەحمود محەمەد)م سەبارەت بەم مەسەلەیە خوێندەوە واقم وڕماو حەپەسام, باشە تۆ بڵێی ئەم خانمە بەم هەموو تەدارەکەوە نەزانیێ کورد لە دوو نیوەی ساڵی 1987و 1988دا ئەمەی پێکراوە, ئەو هەموو خەڵکەی دیکە چۆن ئەزانن! هەرچەندە لە دڵەوە گوتم ڕەنگە واش نەبیێ ئەو خانمە خۆی بێئاگایە, کەچی کە لە کوردستانی نویێ نامەکەی سەرۆکی ئەسقەفیەی(ترینتی)م خوێندەوە سەبارەت بە کێشەی کورد لە خاڵە ریزکراوەکانی تاوانەکانی سەدامدا چەند خاڵێکی لاوازی هێنابوەوە, بیێ ئەوەی بەلای تاوانەکانی ئەنفالدا بچیێ"دیارە ئەم تاوانی نیەو گەلیێ ماڵی ئاوابێت بۆ ئەو نامە پڕ سۆزو بەزەییەو نوخشەبێت لەرێبەرە گەورەکانی وڵاتانی موسڵمانیش بۆ داکۆکی لەم گەلە", تاوان تاوانی خۆمانە, بۆم دەرکەوت بەڵیێ ڕاستە هێشتا کورد نەیتوانیوە سود لە کارەساتەکانی وەربگریێ بۆ ڕزگاربوون, هەر بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموومانە یەك دەنگیەك دروست بکەین:

1 ـ بۆ دۆزینەوەو ئاشکرا کردنی چارەنووسی ئەنفالەکان.

2 ـ بۆ بەرەوپێشەوە بردنی دۆزی کوردو ریسواکردنی ڕژێمی سەدام.

3 ـ بۆ بژاردنی زەرەرو زیانی کورد لە کارەساتی ئەنفالدا(زەرەرو زیانی گیانیو ماڵی) ئەرکی سەرشانی هەمووڵایەکە پێکەوە' یەکیێ لە ڕۆژەکانی(11و12و13و14) بکەین بەرۆژی دادکۆکی لە مافی(ئەنفالکراوەکان)و لەو ڕۆژەدا هەموو کەناڵەکانی مافی مرۆڤ لەدونیادا بانگهێشتی کوردستان بکەینو ڕاستی ڕوداوە ڕەشەکەیان بۆ بگێڕینەوە, بەداخەوە سەرەڕای نەبوونی ئەم یەك دەنگیە تاكو تەرا گەر کەسانێکیش هاتبن, گەڕاون لە جەنجاڵترین شوێنی پاشماوەی ئەو کارەساتەدا"شۆڕش, سمود" بە ڤیدیۆ, بەکامێرا, بە ڕیپۆرتاژ, بەنووسین, بابەتەکانیان بردوە بەرەو هەندەرانو ئیدی لەوێش خۆیانو خوایان, هەر لێرەشدا ئەم پێشنیازە دەخەمە بەردەست وەزارەتی هاوکاریو مرۆڤایەتیو داوا دەکەم بەشێکی تایبەت وەك مەکتەبێك لەم وەزارەتە بۆ ئەنفالەکانو تایبەت بەوان بکرێتەوەو ئارشیفو نوسینگەو پۆستی خۆی بۆ تەرخان بکریێو چاوپێکەوتنو گفتو گۆی زیندوو لەگەڵ پاشماوەی ئەنفالەکاندا بکاتو ئەو چاوپێکەوتنو گفتو گۆیانە ببنە بەڵگەو دیکۆمێنتو بۆ بەرژەوەندی دۆزی کورد بەکار بخرێن, هیوادارم ئەم نووسینو پێشنیازە کاڵە دەرگای کارو بڕیارو گفتو گۆی تێرو تەسەل بخاتە سەر گازی پشت ..

دوای بڵاوکردنەوەی ئەم نووسینەو دیارە هەوڵی دیکەش لەو بارەیەوە, ئێستا نەك مەکتەبێك وەزارەتێك لەو بارەیەوە هەیە, کەسانێك مشۆڵی کاروبارەکانی ئەنفالیان لە ئەستۆ گرتووە, حکومەتی کوردی موچەی بۆ کەسو کاریان بڕیوەتەوە, چەندین ناوەندو کەمپینو سایتی تایبەت بەو پرسە پیرۆزە هەیە.

داتای سەرەتایی سەبارەت بەم فۆڕمی شکاتانە

کۆی مناڵەکان بە پێی ساڵو ڕەگەز

خشتەی یەکەم

| سالٚ | کوڕ | کچ | کۆ |
|---|---|---|---|
| 1985 | 13 | 8 | 21 |
| 1986 | 27 | 22 | 49 |
| 1987 | 31 | 39 | 70 |
| 1988 | 59 | 65 | 124 |
| 1989 | 10 | 10 | 20 |
| 1984 | 1 | 1 | 2 |
| 1983 | 1 | - | 1 |

*به پێی خشتەکە بۆ ساڵی 1987 (70) منالٚ

**بۆ ساڵی 1988 (124) منالٚ هەیە واتا لە دایکبوون لەو دوو ساڵەدا لە ساڵەکانیتر زۆرترە لە کۆکردنەوەی ئەم فۆڕمانەی لای مندا.

***10 کچو 10 کوڕ ساڵی دواتر واتا ساڵی دوای کارەساتەکە لەدایك بوونە, هەڵبەت ئەمەنیشانەی ئەوەیە کە ڕێژەیەکی زۆر ژنی(دووگیان) سکپڕ لە دوای کارەساتەکە بەجیٚ ماون.

تێبینی: لە کۆی 287 فۆڕم 197 کەسیان لە هەردوو ساڵی 1987 ـ 1988دا لەدایك بوونە, کە دەکاتە 3/2 کۆی گشتی.

خشتەی ژمارە(2) شکاتکارەکان بە پێی شکات لێکراو کوڕو کچ کۆی گشتی

| شوێنی شکات لێکراو | کوڕ | کچ | کۆ |
|---|---|---|---|
| بەعس | 72 | 38 | 110 |
| سەدام | 30 | 29 | 59 |
| ئەنفالچیەکان | 24 | 38 | 63 |
| UN | 4 | 2 | 6 |
| حکومەتی هەرێم | 3 | 27 | 30 |
| لەوانەی باوکمیان برد | 3 | 3 | 6 |
| بارق | - | 1 | 1 |
| شکات لەکەس ناکا | 2 | 2 | 4 |
| خوا حەقمان بسێنیٚ | - | 1 | 1 |
| لەوەی وای لێکردین | 1 | 2 | 3 |
| جاشو موستەشار | 1 | 1 | 2 |
| خاڵیی (بەتالٚ) | 1 | 1 | 2 |

*زۆرترینی مناڵەکان شکات لە سەدامو بەعسو ئەنفالچیەکان دەکەن, لەمەشدا چەند کەسانێك کۆ دەبنەوە کەراستەوخۆ بەکارەساتەکە هەستاونو تاوانبارن.

**شکاتەکان لەحکومەتی هەرێم لەوێوەیە کە حکومەت جێی جاشو بەعسیەکانی کردوەتەوەو هەیە نوسیویەتی هەیە لەوانە ئێستا کار بەدەستە ! !

خشتەی ژمارە(3) کۆی ئەوانەی لە کاتی گرتنەکەدا لە زیندانەکانی رژێمدا مردوون, بە پێی وەلآمی فۆڕمەکان, هەڵبەت ئەمە نیشانەی ئەوەیە ژمارەیەکی زۆرتر خەڵك مردوە, خوێنەوارێکی شۆڕش لەچاوپێکەوتنێکدا پێی گوتم لە ماوەیەکی کەمدا تەنها لە نوگرە سەلمان ناوی 174 مردوم نووسی, بەلآم دوای بەربوون جاشێك بەزۆر ناوو لیستەکانی لێ سەندبوو, ئەمە لە یەکێ لە زیندانەکانی نوگرە سەلمان.

| ژمارەی کۆچکردوو | ساڵی لەدایك بوون | رەگەز |
|---|---|---|
| 1 کەس | 1897 | نێر |
| 1 ـ | 1908 | ـ |
| 1 ـ | 1909 | ـ |
| 1 ـ | 1913 | مێ |
| 1 ـ | 1914 | نێر |
| 2 ـ | 1926 | ـ |
| 1 ـ | 1932 | ـ |
| 1 ـ | 1935 | مێ |
| 1 ـ | 1938 | ـ |
| 1 ـ | 1940 | ـ |
| 1 ـ | 1943 | ـ |
| 1 ـ | 1945 | ـ |
| 1 ـ | 1946 | نێر |
| 1 ـ | 1947 | نێر |
| 1 ـ | 1949 | مێ |
| 1 ـ | 1953 | ـ |
| 1 ـ | 1961 | ـ |
| 1 ـ | 1965 | ـ |
| 1 ـ | 1969 | نێر |
| 1 ـ | 1975 | نێر |
| 2 ـ | 1972 | مێ |
| 1 ـ | 1979 | ـ |

| | | |
|---|---|---|
| 1 ـ | 1980 | ـ |
| 1 ـ | 1980 | نێر |
| 1 ـ | 1983 | ـ |
| 1 ـ | 1984 | ـ |
| 2 ـ | 1985 | ـ |
| 1 ـ | 1985 | مێ |
| 2 ـ | 1986 | ـ |
| 6 ـ | 1986 | نێر |
| 5 ـ | 1987 | ـ |
| 3 ـ | 1987 | مێ |
| 3 ـ | 1988 | ـ |
| 6 ـ | 1988 | نێر |

به پێی ئەم خشتەیە لە زینداندا(56) کەس مردوون, هەڵبەت بە پێی وەلآمی فۆڕمەکان ئەو 56 کەسە
33ی نێرە
23ی مێ
1 ـ بچوکترین کەس(دڵشاد عەبدوڵلآ محەمەد) بووە کە تەمەنی تەنها(2) مانگ بووە.
2 ـ گەورەترین کەس(حوسێن مستەفا)یە کە تەمەنی بۆ ئەو کاتە لە(90) ساڵ زیاتر بووە, لەدایك بووی 1897.

خشتەی ژمارە(2)
کۆی مردوەکان بە پێی قۆناغی 10 ساڵ جارێ

خوار 1900 1 پیاو
1900 بۆ 1910
2 نێر ـ مێ
1910 بۆ 1920
1 نێر 1 مێ
1920 بۆ 1930
2 نێر ـ مێ
1930 بۆ 1940
1 نێر 2 مێ

1940 بۆ 1950

2 نێر 4 مێ

1950 بۆ 1960

- نێر 1 مێ

1960 بۆ 1970

1 نێر 2 مێ

1970 بۆ 1980

1 نێر 3 مێ

1980 بۆ 1988

22 نێر 10 مێ

*زۆرترین ژمارەی مردووەکان لەنێوان مناڵەکاندایە لە ساڵی 1980 بۆ 1988, کە 32 کەسن, ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە زۆرترینی قوربانیەکان لەزینداندا مناڵان بوونە بە هۆی خراپی خۆراکو بارودۆخی زیندانەکەو پڕی قاعەکانی(هۆڵ) زیندان لە خەڵکو نەبوونی شتو مەکی پێویست.

خشتەی ژمارە(5)

کێ کاریان بۆ دەکات

| کەسەکە | کچ | کوڕ | کۆ |
|---|---|---|---|
| کەسی نیە | 63 | 46 | 109 |
| دایك | 42 | 50 | 92 |
| برا | 25 | 29 | 54 |
| مام | 10 | 3 | 13 |
| باپیر | - | 6 | 6 |
| خاڵ | 2 | 3 | 5 |
| خۆی | - | 3 | 3 |
| باوك | *1 | *1 | 2 |
| پور | 1 | - | 1 |
| ئامۆزا | - | 1 | 1 |
| هی تر | 1 | - | 1 |

*براکەی ئەنفالە

*دایکە ئەنفالە

*زۆربەی ئەو خێزانانە بەخێرو زەکاتو یارمەتی خەڵك دەژین, بەلاّم پێیان شەرم بووە باسی بکەن, هەر بۆیە نوسیویانە کەس نیە.
*هەیە نوسیویەتی دایکم هەروەها خۆم یان دایکمو براکانم من یەکەمم هەڵبژاردوە.

خشتەی ژمارە(6)
ئارەزووی منالّەکان بۆ ئایندەی خۆیان

| ئامانج | کوڕ | کچ | کۆ |
|---|---|---|---|
| مامۆستا | 62 | 45 | 107 |
| دکتۆر | 27 | 55 | 82 |
| ئەندازیار | 15 | 4 | 19 |
| خالّی | 5 | 7 | 12 |
| نازانم | 6 | 5 | 11 |
| پارێزەرو دادوەر | 7 | 3 | 10 |
| فەرمانبەر | 4 | 4 | 8 |
| رۆژنامەنووسو روناکبیر | 4 | 3 | 7 |
| کچی مالّەوە | - | 2 | 2 |
| پێشمەرگە | 2 | - | 2 |
| وەزیر | 1 | - | 1 |
| هاوکاری کەسو کارو گەلەکەم بکەم | 9 | 17 | 26 |

*زۆرێك لەوانەی کە نوسیویانە مامۆستا نوسیویانە مامۆستای مێژوو.
*زۆربەی ئەوانەی نوسیویانە دکتۆر لەگەلّیدا نوسیویانە بۆ ئەوەی هاوکاری کەسو کاری ئەنفالەکان بکەم.
*ئەوەی لەم داتایەدا دەردەکەوێ سەرەڕای دەستکورتیو هەژاری کەچی زۆربەی زۆری ئەوانەی فۆڕمەکانیان پڕ کردوەتەوە بەهیواوە دەژینو دەیانەوێ لە ئایندەدا ببن بە کەسێکی بە کەڵك.

خشتەی ژمارە(7)
بژێوی ژیانیان لەسەر چ کارێك بەندە؟

| جۆری کار | کوڕ | کچ | کۆ |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| کرێکار | 40 | 45 | 85 |
| هیچ جۆرە کارێك | 37 | 62 | 99 |
| ئاسنگەر | 2 | 1 | 3 |
| پێشمەرگە | 3 | 3 | 6 |
| دەسکەنەی نۆك | 3 | 2 | 5 |
| شوان | 3 | 1 | 4 |
| نانەوا | 2 | 1 | 3 |
| کارگوزار | 8 | 5 | 13 |
| پۆلیس | - | 1 | 1 |
| پاقلەچنین | - | 1 | 1 |
| چلورە فرۆشی | 1 | - | 1 |
| درەو | 6 | 6 | 12 |
| خاڵی(بەتاڵ) | 10 | 4 | 14 |
| دوکانداری | 5 | 4 | 9 |
| عەرەبانچی | - | 2 | 2 |
| قەساب | 2 | 1 | 3 |
| شۆفێر | 2 | 1 | 3 |
| کۆڵکێش | 5 | 2 | 7 |
| قاچاخچی | 3 | 2 | 5 |
| بەرگدروو | 3 | 1 | 4 |
| چایچی | 1 | - | 1 |
| ؟؟؟؟؟؟ | 1 | - | 1 |
| کاری بازاڕ | 5 | - | 5 |

*زۆربەی ئەوانەی کە نوسیویانە کرێکاری دایکیان کاریان بۆ دەکات.

*کە سەیری شیوەی کارەکان دەکەین دەبینین هیچ یەك لەو کارانە یاخود زۆربەی هەر زۆریان کارێك نین کە بژێوی ژیان دابین بکەنو داهاتیان جێگیر بێت.

خشتەی ژمارە(8)

کۆی داهاتی مانگانەی ئەو خێزانانە

| دینار | کوڕ | کچ | کۆ |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| 100 | 6 | 20 | 26 |
| 150 | 29 | 15 | 44 |
| 200 | 8 | 8 | 16 |
| 250 | 5 | 3 | 8 |
| 300 | 13 | 6 | 19 |
| 350 | 3 | 4 | 7 |
| 400 | 5 | 3 | 8 |
| 450 | 3 | 2 | 5 |
| 500 | 2 | 2 | 4 |
| سەرووتر | 5 | 3 | 8 |
| داهاتیان نیە | 38 | 52 | 90 |
| ژیانی رۆژانە | 4 | 5 | 9 |
| باشە | 1 | 1 | 2 |
| باش نیە | 9 | 5 | 14 |
| خاڵی | 11 | 16 | 27 |

*زۆربەی ئەوانەی موچەکەیان لەنێوان 150 بۆ 200 دیناردایە یارمەتی مناڵپارێز وەردەگرن.

*هەندێك لەو یارمەتیانە شەهیدانەیە.

*تەنیا یەك كەسی تیایە كە داهاتیان لەسەرو(1000)دینارەوەیە.

تێبینی: ئەو کاتە موچەی ئەنفالانە دەرنەچووە بوو.

پارەکە پارەی سویسریە.

خشتەی ژمارە(9)

دابەش بوونی وەڵامەکان بە پێی خوێندەواریو پۆل

| پۆل | کوڕ | کچ | کۆ |
|---|---|---|---|
| ناخوێنێ, نەینوسیوە | 4 | 10 | 14 |
| چواری سەرەتایی | 6 | 3 | 9 |
| 5 سەرەتایی | 12 | 1 | 13 |
| 6 سەرەتایی | 16 | 12 | 28 |
| 1 ناوەندی | 54 | 72 | 126 |
| 2 ناوەندی | 36 | 32 | 68 |
| 3 ـ | 3 | 3 | 6 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 4ی گشتی | 9 | 10 | 19 |
| 5ی دواناوەندی | 2 | 2 | 4 |

ئەم خشتەیە پەیوەندی بەساڵی وەرگرتنی وەڵامەکانەوە هەیە واتا بە ساڵی(2001)ەوە.